# توندی زمان له شیعری(جەللاد) ی عەلی حەسەنیانی دا

د.لوقمان ڕەئوف عەلی
پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان

تاريخ استلام البحث/ ٢٠١٧/٥/١١ تاريخ قبول النشر ٢٠١٨/١/٢٢

## عنف اللغة في قصيدة "الجلاد" لِ(علي حسنيانی)

علي حسنيانی (هوار) يعتبر من شعراء الحداثة في ايران و كان رائد فی الشعر الجديد في شرق كردستان. "الجلاد" كان أول قصيدة جديدة له كتبها في عام ١٩٥٩.

العنف الغة تعني المبالغة والتركيز على أعمال العنف والافعال السيئة، حيث تم استخدام كلمات قوية وعنيفة كرد فعل، الشاعر استخدم فی هذة القصيدة المبالغة و التركيز على اعمال العنف و الافعال السيئة، حيث استوحی الكلمات القوية و العنيفة الدالة على رد الفعل و الانتقام منتهكا قواعد نصية فی القصيدة.

بعبارة أخری، يعتبر الظلم هو احد أسباب التی دفعت الشاعرلاناشاء هذه اللغة كردود فعل على هذه الافعال تجاه موقفه الوطني. على الرغم من استعمال هذة الاسلوب من قبل الشاعر، لكن في الواقع يعتبر ماقاله الشاعر في هذه القصيدة ،هو موقف ورسالة للأمة ضد القمع و الاضطهاد الاجتماعي والسياسي والثقافي. ولذلك فإن معظم الصورو المشاهد التی ذكرها تعتبر حقيقية وقد تركت أثار نفسية على الشاعر التي أدى إلی ظهور هذه اللغة العنيفة في عدة اتجاهات وقواى و نغمات وعبارات التي قدمت مع الأمثلة.

## پێشەکی:

**علی حەسەنیانی(هاوار) یەکێکە لەشاعیرە نوێخوازەکان و ڕابەری شیعری نوێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەو ڕابەرایەتیەشی هەر بەهۆی شیعری(جەللاد)ە، کە لەساڵی ١٩٥٩نوسیویەتی، لەگەڵ ئەم هەنگاوەشیدا کۆمەڵێك کاری گرنگ و هەڵوێستی لە شیعرەکانیدا خستۆتەڕوو، یەکێك لەو هەڵوێستانەی توندی زمانیەتی لە شیعرەکانیدا، وەك بەرجەستەکردنی گیانی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە.**

ئەگەرچی تا ئێستا لەبارەی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان( ئێران)ەوە، لەم هەرێمەدا کارێکی جدی نەکراوە ، بەڵام هەندێك هەوڵ وەك ئاماژەو هەوڵی سەرەتایی هەن، ئەمەش لەوەوەیە کە تا ئێستا کە باس لە شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵات دەکرێت، ڕاستەوخۆ باس لە سوارەی ئیلخان زادە دەکرێت، سوارەش ئەگەرچی کەسی سێیەمی رەوتی شیعریی نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە زەمەنێکدا ڕۆڵێکی دیاری لە ناساندنی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا هەبووە، بەڵام ئەم کاروانە لەسێکوچەکەی شیعریی( هاوار، پشکۆ، سوارە)ەوە دەستی پێکردوە[1]، هەرچەندە هەلومەرجی سەرهەڵدانی شیعری نوێی ڕۆژهەڵات، خاوەن هەلومەرجی تایبەت بە خۆی هەیە، هەرلەبەرئەمەش قۆناغی شیعری نوێ و سەربەست لە ڕۆژهەڵات درەنگتر سەریهەڵداوە، بەڵام بنەمای سەرهەڵدانەکەی زۆر بەهێزترو تۆکمەترە لەچاو سەرهەڵدانی شیعری نوێ و سەربەست لە هەندێك لە پارچەکانی تری کوردستان، واتە "لەساڵانی ١٩٥٩ بەدواوە، کە شاعیری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبازو ستایلێکی نوێوە دەستیپێکردووە لە هەمانکاتیشدا سەرقاڵەو لوتکەیی خۆی گرت، چونکە لەم قۆناغەوە شیعری سەربەستی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیپێکرد"[2] بۆیە" شیعری کوردی ڕۆژهەڵات پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ و ورد هەیە، لە پێناو دیاریکردنی ئەو پنت و ڕەوت و فۆرمە نوێیانەی کە قۆناغەکانی شیعر دەیخوازن "[3]

"ئەو دەقەی (هاوار) لەرووی تەکنیكو بونیاتی شیعرییەوەو لە بازنەی شیعری کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نوێیەو هەنگاوێکی نوێخوازانەیە بەرەو گۆڕینی (دەق)، کە ئەو شەقڵو سیما نوێگەرییەی بەدەستپێکردن و سەرەتای شیعری نوێ دانانرێ، ئەگەر بێتو لە ڕوانگەی سەرجەم شیعری نوێی کوردیەوە لێی بڕوانین، لەراستیدا ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ شیعری پارچەکانی تری کوردستان، لەهەمانکاتدا ئەم شیعرەی هاوار جێگەی خۆی دەگرێت و دەبێتە دەنگێکی دیاری شیعری نوێی کوردی لەم پۆلێبەندییەدا، بەڵام ئەوەی هاواری بەهێزکردوە ئەوەیە، لەلایەك لەتەمەنی(٢٠) ساڵیدا شیعری نوێ و سەربەستی نوسی، ئەم تەمەنەش لەچاو شاعیرانی کورد دەسپێشخەرییە "[4] عەلی حەسەنیانی دەڵێت" تا ئەو جێگایەی کە لە بیرمە یەکەم شیعری نوێ "جەللاد" و دووەمیان "بۆمباران"ی منن. سێیەمیان شیعری فاتیحە، کە پێموایە ناوی "نازدار"ە، بەڵام خودا هەڵناگرێ ئەگەرچی کاك سوارەی خودالێخۆشبوو سێیەم کەس بوو، کە شیعری نوێی نوسی، بوو بە شاسواری ئەو مەیدانە، بە تایبەتی بە شیعری "خەوەبەردینە" گەیشتە دوندی سەرکەوتن، کە تا ئێستا کەس نەیتوانیوە شیعرێکی وەك "خەوەبەردینە" بڵێ."[5] ، هەروەها دەڵێت" ڕۆژێك کوڕێك شیعرێکی فارسی خوێندەوە، کە بە شێوەی نوێ بوو و ئاوای دەستپێکرد: "الا جلاد ننگت باد..."، ئەو شیعرەم زۆر پێ خۆش بوو. چوومەوە ماڵێ و قوڵە قەڵەمم دەستدایە و جەللادی خۆم خوڵقاند "[6] کەواتە هاوار هۆکاری سەرەکی و کەوتنە ژێر کاریگەری نوسینی ئەم شیعرەی ئاشکراکردوە، بەمانایەکی تر شیعرێکی خەبات و قوربانیدان، هۆکاری سەرهەڵدان و توندی زمانیش بەهەمان کاریگەری توندی زمانە فارسیەکەوە وەریگرتووە ناوی شیعرەکەش(جەللاد) بەهەمان شێوەیەتوندی زمان مەبەست لەو

هێزو زیادە ڕۆییکردنەی شاعیرە، کە لەڕێگەی زمانی نوسینەوە بەرامبەر بە دیاردەیەك، یان حاڵەتێك یان....تاد دەیکات، ئەمەش لە بنچینەدا هەڵێنجراوی کاردانەوەو پاڵنەرەکانی دەوروبەری شاعیر لەسەر شاعیرو جۆری زمانەکەیەی، بۆیە دیاردەی توندی، مەرج نییە ببێتە دیاردەیەکی نێگەتیف لەسەر شاعیر، بەڵکو زۆر جاریش دەبێتە هێزی شیعریی و بەخشینی ماناو مەدلولەکانی دەق، لەلایەکی ترەوە سەرنج و تیشك خستنەسەر ئەو مانا هێز بەخشانەیە، کە شاعیر مەبەستیەتی لەڕێگەیەوە دەقەکەی بناسێنێت.

وشە کلیلییەکان: زمان، وشە، توندی، دال، مەدلول، جەللاد.

ژیاننامەی هاوار:

-هاوار(عەلی حەسەنیانی) لەساڵی ١٩٣٩ لەگەڕکی پامنار لە تاران لەدایکبووە.

-لەساڵی١٩٤٦ دەچنەوە مەهابادو تا پۆلی شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەی فیردەوسی دەخوێنێت، پاشان دەچێتە تاران و لەقوتابخانەی دکتۆر سورتگەر دەخوێنێت.

-دوای ساڵێك دەگەڕێتەوە مەهاباد و لە قوتابخانەی محەمەد رەزا تا وەرگرتنی بڕوانامەی دیبلۆم بەردەوام دەبێت.

- لەساڵی١٩٥٩دەچێتە زانکۆی تاران بەشی ماف و زانیارییە سیاسییەکان، لێرەوە لەگەڵ روناکبیرانی کورد تێکەڵ دەبێت.

- لەساڵی ١٩٦٤ دوای مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی تاران و لەگەڵ سوارەو هاوەڵەکانی دەخرێتە زیندان.

- دوای ئازادبوونی درێژە بەخوێندن دەدات و کۆلێژ تەواودەکات.

- دواتر لە وەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێت، بەڵام بەهۆی بیروڕای سیاسی و چەندین جار دەگوازرێتەوە بۆ ناوچە جیاوازەکان لەوانە( کومیجان، ئەراك، تەفریش، ئاستارا، دەرەشار لە ئیلام)، ماوەیەکیش لە سنەو بانە دادەمەزرێت، بەڵام زوویەزوو رایدەگوێزن، بەهۆی ئەم گواستنەوەیەشەوە، واز لە وەزاررەتی ناوخۆ دەهێنێت و دەچێتە خولی پارێزەری لە تەورێز.

- پاش ساڵێك وەك پارێزەر دەچێتە شاری میاندواو لە نزیك مەهاباد، چونکە رێگەیان نەدەدا بچێتە مەهاباد.

-پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە مەهاباد.

- لەساڵی ١٩٨٠ناچاردەبێت مەهاباد جێبهێڵێت و بچێتە شاخ.

-لەساڵی ١٩٨٣ بەهۆی کرفی خێزانییەوە دەگەڕێتەوە مەهابادو لە تاران نیشتەجێدەبێت.

-لەساڵی ١٩٨٥ دەگەڕێتەوە مەهابادو وەك پارێزەر كاردەكات، و هاوكاری گۆڤاری سروە دەكات، دواتر لەگەڵ كۆمەڵێك شاعیر ئەنجومەنی ئەدەبی دادەمەزرێنێت.

- ١٩٨٩ وڵات بەجێدەهێڵێت و دەچێتە فیلاند، پاشان دەچێتە دانیمارك و لەوێ ناوی خۆی دەكاتە( ئازاد ساسان).

- بەرلەوەی پەنابەری وەربگرێت بە شەوی ١٩٩٢/٥/٨ بەهۆی سەكتەی دڵەوە كۆچی دوایی دەكات و لە گۆڕستانی كۆپنهاگن بەخاك دەسپێرێت.

چەمك و پێناسەی توندی زمان:

(توندی دیاردەو چەمكە، دیاردە بەومانایەی خاوەن گوزارشت و سیمای مادی ڕەمزییە، كە مرۆڤایەتی سەپاندوویەتی، چ تاكەكانی، یان گروپ و كۆمەڵگاكان، بە درێژایی قۆناغەكانی مێژوو، بەمەش دیاردەیەكە خاوەن هۆكاری كۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونی و ڕۆشنبیری و......تاد، هەروەها چەمك بنەمایەكی تیۆری هەیەو باڵ بەسەر ئاستە مەعریفیە جۆربەجۆرەكاندا دەگرێت و هەوڵ بۆ ئاشكراكردن و راڤەكردن و دۆزینەوەی دیاردەكان و باسكردنی بنیاتەكانی دەدات)[٧]، كەواتە بەم پێیەبێت توندی پێكهاتەیەكی دوانەییە(دیاردە، چەمك) مەسەلەیەكە واتە هەموان، جیهان، ڕۆشنبیر، مرۆڤی ئاسایی، بابەتی مەعریفی و مرۆیی چ لەسەر ئاستی پسپۆڕی و هۆشیاری، یان هەستكردنی گشتی، نەست "[٨]

توندی بە پێی فەرهەنگی(oxforde) بەئینگلیزی(violence)و بە پێی فەرهەنگی ( rebert le petit) فەرەنسی (violence)و بەلاتینی (violentia)و لەكرداری (violare)ەوە وەرگیراوە، بەمەش كۆی وشەكان لەبنچینەدا لەوشە لاتینییەكەوە وەرگیراون و ئاماژە بە مامەڵەی توندو ئازاردانی بەرامبەر دەكات[٩]، لە(لسان العرب)یش دا، بەواتای لادان لە كارو فەرمانێك دێت "[١٠]

بەپێی فەرهەنگی (لوبوتی روبیر..)le petit Robert فەرەنسی، توندی بە مانای كاریگەری دروستكردن لەسەر كەسێكی دیاریكراو لە ڕێگەی هێز، یان ڕقلێبوون و ئیهانەكردنەوە دێت، یان ئەو كردارەیە كە لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت، یان دەربڕین و گوزارشتێكی توندە لە هەستەكانی مرۆڤ[١١] كەواتە توندی لەسەر دوو ئاست ئەنجام دەدرێت، یەكەمیان: وەك كردار، دووەمیان وەك هەست.

"زمان تەنێكە پێش ئەوەی مومارەسەكردن بێت، بەوەی تەنێكە لە دەنگەكان و توندیش لە هاواری ترسدایە"[١٢]

توندی لە بنچینەدا كۆمەڵێك كردارو هەڵوێستە كە لە ڕێگەی هێزو توندیەوە بەرامبەر كەسێك، یان چەند كەسێك دەگیرێتە بەرو لەڕێگەیەوە زیانی جەستەیی، یان دەروونی بەردەكەوێت، ئەم

**زیانەش بە هۆی جۆری توندیەکەیەوە دەگۆڕێت، یاخود توندی بریتییە لەلادان، یان شکاندنی کارێك، یان فەرمانێك و کەمکردنەوەی ڕێزیان، یان پێگەو ئارامی و.........تاد. د. مونان ئومور دەڵێت" توندی رەفتارێکی زەبرئامێزەو دەتوانرێت بە شێوەی فیزیکی، یان سۆزداری و بەشێوەیەکی پلەبەند گەشەبکات"[١٣]**

**بەڵام کۆی گەیاندنی مانای فەرهەنگی و مانای زمانی، توندی زمان بریتییە لە گەیاندنی ئازاری جەستەیی و دەروونی بەکەسێك لە ڕێگەی وشەکانەوە، یاخود بریتییە لەو گوزارشت و دەربڕینە رەقانەی، کە لە ڕێگەیانەوە هەستەکان بریندارەدەکەن و دواجار مانای قووڵ و کاریگەر لەسەر جەستەی بەرامبەر بەجێدەهێڵێن، بەمەش هێزی ڕق و تۆڵەیە بەرامبەر کەسێك وەك تۆڵە سەندنەوە، یاخود یان دەرخستنی پێگەکەی لەو ژینگەیەدا، یاخود سیماو ڕوخسارێکی گرژو توندە بەرامبەر ڕوداوێکی دیاریکراو[١٤]، واتە هێزێکی فیزیکی و پەرچەکردار بەکرداری دەگەیەنێت، یاخود وەستانەوە لە دژی ئەقڵە خۆویستەکان و ئەوانەی دەیانەوێت مافەکان وەلابنێنن.**

**کەواتە توندی زمان لە دوو ئاستدا بەرجەستە دەبێت:یەکەمیان لەسەر ئاستی کار وەك نانەوەی نائارامی و تێکدانی سستم دێت، دووەمیان لەسەر ئاستی نەست دێت و بەرامبەر بە ئارام گرتن و زاڵ بوون بەسەر هەڵچونەکاندا دێت. بەپیی زانستی دەروونناسی توندوتیژی کۆمەڵێك ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکە لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە بەرجەستەدەبێت، لە دژی کەسێك و بەهۆشیەوە زیانی جەستەیی و دەروونی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش بە پێی هێزی زیانگەیاندنەکە دەردەکەوێت، توندوتیژی سیفەتێکی مرۆییە و پەیوەستە بە دەرونەوەو لەئەنجامی ڕێگری کردن لەحەزو خواستەکان دێتەدی، واتە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، لەم بارەوە ئەرەستۆ دەڵێت" تەنها دڕندەو خواوەندەکان دەتوانن لەدەرەوەی کۆمەڵگەوەو بژین، بۆیە ئەوانەی لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە دەژین، یان دڕندەن، یان دوچاری نەخۆشی دەروونی بوون و لە مرۆڤبوونی شەرمەزارە"[١٥]**

**جاحز پێیوایە" مرۆڤ جیهانێکی بچوکەو لەناو جیهانی گەوردا دەژین، کە بریتییە لە گەردون "[١٦]ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەردوون تەواوی خاسیەت و سیفاتی جۆراو جۆری وەك تورەبوون، نەرمی، ڕق، خۆشەویستی، وەفا، ماف خواردن، ترس و چاونەترسی..تاد) تێدایە، بەم پێیەش توندی خاسیەت و تایبەتمەندی هەیەو ئامۆژەن بەو جێکەوتە نیگەتیڤانەی کە بەجێیدەهێڵێت.**

**ئیفان فۆناخی (ivan fonagy)[١٧] پێیوایە زمان لە ڕوخساریدا بریتییە لەناونانێکی دوانی(double encodage) واتە کۆنتێکستێکی گوزارشتیەو دوو جۆر زانیاری لێوە دەردەچێت، یەکەمیان ئەو زانیاریانەن، کە خاوەن سروشتێکی زمانی و سەرەتایی، یان**

بنچینەییان هەیە، کە نیشانە زمانییەکان بەرجەستەیان کردوون، لەڕێگەی دوانەیی دال و مەدلولی لەخۆوە.

دووەمیان: ئەو زانیاریانەن، کە سروشتێکی لاوەکی، یان لقیان هەیە، کە سەر بە ئەوانی ترەو ناوی ناون(شێوازە دەنگییەکان phonostyles) لەگەڵ هەموو دەربڕینێکدا بوونی هەیە و لەگەڵ گوزارشتدا یەکدەگرێت، لەپێناو گوزارشتکردن لەهەست و نەست و هەڵوێستە هەڵچوە هەستی و نەستیەکانی قسەکەر، واتە ئاستی یەکەم سیماکانی زمانی ڕۆشنبیری و زانستی دەگرێتەوە، بەڵام ئاستی دووەم، لایەنی دەروونی و هەستی دەگرێتەوە و لەنێوان ئەم دوانەدا، پەیوەندی ئاڵوێر (transformation)و لادان ( distorsion) ی مانایی هەیە[١٨]

سارتەر پێیوایە توندوتیژی بریتییە لەخاڵی بەیەك گەیشتنی مرۆڤ و مرۆڤ لەڕێگەی دەروونەوە، ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندیەکی مشتومڕی لەسەر پێداویستی و خواستە دەگمەنەکان، چونکە دەگمەنی لەپێداویستیەکانەوە لەدایکدەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە، لەگەڵ ئەمەشدا نەتوانینی ژیان لەنێوان دوو مرۆڤدا، مرۆڤ دەکاتە بابەتی گومان، بەوەی وا سەیری دەکات، کە ئەوە مرۆڤ نییە، واتە دژەکەی لە مرۆڤبوون دادەماڵێت و لێرەوە توندی سەرهەڵدەدات.[١٩]

بێگومان ژیان بە پێی ویست و بنەماکانی، پڕە لە ململانێ و شێوازی توندوتیژی جیاواز، بەڵام ململانێکەش پاڵنان، یان کێبرکێی نییە، بەڵکو سەرنجڕاکێش و شکاندن، یان سەلماندنی خودە.

توندوتیژی هەستکردن و هەڵچونە، ئەمەش لە ڕێگەی تێکەڵبوونی ئەزمونی دەرونی بیری خودی لەگەڵ جەستەیی و ئەندامی هەستەوەریدا ڕوودەدات، بۆیە توندی زمان لەپێناو هێنانەدی خواستەکانە (وەرگرتنەوەی ماف، شوناس و ناساندنی بەرامبەر، مەسەلەی توندوتیژی نواندن، پرۆسەیەکی ویژدانییەو لەگەڵ بوونیەتی مرۆڤدا بوونی هەبووەو ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام ڕەنگدانەوەکان بەپێی سەردەمەکان، یاخود حاڵەت و هەڵومەرجەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە دێت، یەکەمین دیاردەی توندو تیژی زمان ، کە دواتر سەردەکێشێت بۆ کوشتن و تیرۆر، بەو پێیەی لەسەر بنەمای غیرەکردن و لایەنی دەروونی بنیاددەنرێت، کوشتنی هابیلە لەلایەن قابیلەوە، بۆیە ئامانج لەم هەنگاوەی قابیل کاریگەری هەیمەنەو دەسەڵاتی کەسێکە بەسەر ئەوانی تردا، سەرچاوەی ئەم هەنگاوەش زمانە، واتە گرتنەبەری دەسەڵاتە لەڕێگەی بەکارهێنانی تەواوی میکانیزمەکانی دەستبەسەراگرتنی بۆچوونەکان و ڕێگەکانی چارەسەرکردن [٢٠]

توندی زمان لەشیعردا بریتییە لەو دەربڕینە توندانەی کە مەبەست لێی پیشاندانی ئاستی توندی و زوڵم و خراپی بارودۆخەکەیە لەڕێگەی زمانەوە، بەبێ ئەوەی هانا بۆ وشەی زبرو ڕەق ببات.

هاتنەناوەوەی توندی بۆ ناو دەقی شیعریی، دەرئەنجامی ئەو బارودۆخە سیاسییەیە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەدواوە سەریهەڵداو شاعیر لەپێناو گەیاندنی ئەو هەژانە دەروونی و عەقڵیەی کە پەنگخواردوی بارودۆخەکە بوو، لەبەرامبەریشدا بوونی ستەم و زوڵم، وایکرد ئەم زمانە توندە لەدەقی شیعرییدا ڕەنگبداتەوەو شیعر بکرێتە جۆرێك لەخەبات و چەکێکی بەرەنگاری بەرامبەر بە دوژمن.

**توندی زمان لەدقی شیعری (جەللاد)دا**

لە ڕاستیدا دەستنیشاکردنی توندی لە زماندا، کارێکی ئەوەندە ئاڵۆز نییە، بەڵام لە شیعردا زۆر جار ئەم دەربڕینانە بەشێوازی جیاوازو ئاڵۆز دەکرێت، بەڵام لە شیعری جەللاددا، زۆر بەئاشکراو هەر لە ناونیشانەوە ئەم توندیە دەردەکەوێت و بوونیەتی خۆی ڕادەگەیەنێت، بە مانایەکی تر شاعیر دەیەوێت لەناونیشانەوە تیشك و فۆکەس بخاتە سەر ئەم توندوتیژیەو مەبەستیەتی لە ڕێگەی ئەم توندیەوە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت بۆ ئامانجەکەی، کە شاعیر مەبەستیەتی لەم دەقەدا بیخاتەڕوو.

شاعیر (٥) جار وشەی (جەللاد) ی لە کۆی(١٢٩) وشەی ئەم دەقەدا بەکارهێناوە، ئەمە جگە لە سیفەتە خراپ و توندەکانی، ئەمەش بەڵگەی توندی زمانی و دەرونی شاعیرەو دەیەوێت لەم دووبارە بوونەوەیەدا، جەختی تەواوەتی و شوناسی ئەمڕۆ و مێژووی دەسەڵات و زوڵملێکردنی کورد نیشانبدات .

لەڕاستیدا هێز سیمایەکە لە سیما سەرەکییەکانی ژیان و زمانیش، هێمای هێزو دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنە، بەوهۆیەوە تاکەکان گوزارشت لەحاڵی دەروونیان دەکەن، ئەمەش لێرەوە دەگۆڕێت، فاکتێکی زمانی کردارییە، ئەم گوزارشتەش لە سۆنگەو ئاستی هێمای بونیادی خۆیەوە گوزارشتی لێدەکات، بەهۆی ئەمەشەوە هەر کەسێك توانای بەکارهێنانی هێزی وشەیی بەهێز بێت، دەتوانێت بەسەر ئەوانی دیدا زاڵ بێت، بۆیە بۆچوون پێکهاتووە لەکۆمانێکی ناجێگیر، لەگەڵ لاوازی و نەتوانین و دژەوە دروستبووە.

وشە دەتوانێت واقیعێکی ناڕاست، یان نەبووێك کە نەبێت دروستبکات، بەڵام واقیعێکی دروستکراو لە دژە نامۆکان لە عەقڵ و لۆژیك، چونکە لەم حاڵەتانەدا لۆژیکی و سۆزداری بەکاردەهێنێت، لەکۆی ئەو کاریگەریانەی لە خۆی گرتووە[٢١]

کاریگەری وشە کوشندەترە لە کاریگەری چەك، ئەمەش لە پەندی کوردیدا هاتووە(جێگەی چەقۆ سارێژ دەبێت، بەڵام جێگەی قسە سارێژ نابێت)، ئەمەش لە هێزە دەرونییەکەوە سەرچاوەی گرتووە، نەك فیزیکیەکەوە، هەموو ئەمەش لە ڕێگەی ( وشە، کاتیگۆریا، وتن)ەوە ئەنجام دەدرێت، بۆیە کاریگەریەکەشی بەو شێوازە کاریگەرە، زمان ئامڕازێکی فیزیکی تیژ نییە،

**بەڵکو کۆمەڵێك وشەی بارکاوییە بەخواستەکان، ڕق، خۆشەویستی، حەز...تاد لەڕێگەی دەنگەکانەوە ئەمانە لە ناخی مرۆڤدا دەبینرێن.**

**سۆسێر جیاوازی لە نێوان (سیستمی زمان) و(قسە)دا دەکات، بەوەی سیستمی زمان بریتییە لە تۆڕێکی ئاماژەو یاسا کە ڕوداوی زمانی بەڕێوەیدەبات، بەڵام قسە پەیوەستە بەڕوداوی زمانی ڕاستەوخۆوە، واتە قسەی خەڵکی و بەکارهێنانە زمانییەکانیان، بۆیە بایەخ بە زمانی لێکۆڵینەوەکە لە سیستەمەکەدا دەدات و قسە وەلادەنێت، چونکە لەم سیستەمە لادەدات.**

**زمانی شیعریی قسەکردنە لەسەر سحرو چێژی دەق و گوتار، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییەی، کە جێکەوت لەسەر عەقڵ و دڵ و دەرونەکان بەجێدەهێڵێت، چونکە لە خودی خۆیدا پەیامە، هەموو پەیامێکیش بریتییە لەکارایی زمانی، لەگەڵ ئەمەشداو لەناو خودی زماندا، شێوازو میکانیزمەکانی دەربڕینی توندوتیژی ئامادەبوونیان هەیە، بۆنموونە:**

### ١.شکۆی من:

**هێنانەوەی جێناوی من (م) لەپێناو پاراستنی شکۆی من وەك تاکە، بەڵام وەك نوێنەری هەمووان لەبەرانبەر ڕەتکردنەوەی بەرامبەر کە ئەوە، بەڵام وەك تاك یان کۆ، چونکە کار لەسەر نادادی و نادادپەروەری دەکات، بەرزکردنەوەی شکۆی ئەم (من)ە، لەپێناو دەرخستنی ڕادەی توندوتیژیەکەی بەرامبەرو بڵاوبوونەوەو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەو کایە جیاوازەکان و ئایندەیە.**

**شاعیر ئەم خودەی زۆر بە ئاشکراو بە ڕاگەیاندراوی دەربڕیوە، لەمەش گرنگتر شاعیر دەیەوێت بڵێت، بەکردار مەبەستیەتی سەروەری تۆماربکات، مردن بە کردار بەرزڕابگرێت، نەك تەنها بە وتە، بۆیە بێباکانە لەگەڵ جەللاد دەدوێ و دەیەوێ بەڕاستەوخۆیی ڕوبەروی ببێتەو چیدی ساتی دڵەڕاوکێ و ترس ج لە ئێستا یان لە ئاییندەدا نەهێڵێت، وەك دەڵێت:**

**جەللاد**

**وەرە جەللاد**

**وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکو بزانی چۆنە**

**ئیمانم،.......................ل١٥٢**

**لێرەدا جەختکردنەوەلەرێگەی جێناوی لکاوی( م) وەك لە وشەکانی( گیانم، ئیمانم) دا کە بریتییە لە ئیرادەو دەنگی یاخیبوون و سەرسەختی شاعیر وەك تاك، دواجار کورد لەبەرامبەر دوژمن، بۆیە ئامادەی ئەم قوربانیدانەیە لەپێناو سەلماندنی ئەم ئیرادە بەهێزەی.**

بێگومان ئەو باردۆخەی (هاوار)ی پێدا تێپەڕیوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەرون و نەستی ڕوکەش قووڵی شاعیر هەبووەو بەهۆیەوە ئەم بەرهەمە نەستییەی بەشێوازێکی توند لێکەوتۆتەوە، ئەمەش لەو فشارەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەسەر تاك یان کۆمەڵگە دەکرێت، بۆیە (هاوار) موعاناتی گەلەکەی هەڵگرتووەو پارێزگاری لە مافەکانی دەکات، لەم ڕێگەیەوە تەحەدای دەسەڵات و زاڵم دەکات، بۆیە بە وشەی ڕاستگۆ و گیانی شۆڕشگێڕییەوە تێکۆشاوە، هۆکاری ئەم توندوتیژییە زمانییەی شاعیریش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مافخواردن و ڕێگرتن و نادادییەی کە بەسەر هاوار وەك تاك و کوردستان بەگشتیدا سەپێنراوەو بەردەوامیشە، ئەم تەقینەوەیەی هاواریش دەرئەنجامی پەنگخواردنەوەی ئەو ماف و نادادییەیە، کە بە درێژایی مێژوی ڕابردوی لە دەسەڵات و کۆمەڵگەکەیدا دیویەتی.

بەمانایەکی تر ژیان هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لەناخی مرۆڤ، خستنەرووی ئەم توندوتیژییەی شاعیریش، هەستێکە لەلای هەر تاکێکی کورد هەبووە، بەڵام یان توانستی دەربڕینی بە شیعر نەبووە، یان بوێری ئەوەی نەبووە بە خەڵکی بڵێت، بەڵام ئەم توانستە لەلایەك بۆ کارامەیی شاعیر دەگەڕێتەوە، هەر لەداڕشتن و شێوازی تایبەتی خۆی، لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ بوێری، ئەمەش ئاشکرا لەو دەربڕینانەدا دەردەکەوێت، کە شاعیر بەو توندیە دەریبڕیوە و بەشێوەیەکی وردو هەستەوەری، وێنەکانی گواستۆتەوە و ئەو حاڵەتە هەستیەی کە شاعیر وەك تاك، پاشان کۆی گەلی کوردستان پێیدا تێپەردەبێت، یان هەستی پێدەکات و تێیدا دەژی نیشانیداوە، وەك دەڵێت:

ئەتۆ جەللاد !

ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،

ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکوژی گشت عەزیزانم،

بەوەڵڵاهی،

بە خاکی پاکی کوردستان،

ئەمن کوردم، قەتیش ناڵێم پەشیمانم............ل١٥٢

ئەم وتانەی شاعیر، گوتاری سیاسیی و ڕۆشنبیری، کەسێکی ڕۆشنبیری سیاسییەو دەیەوێت گوتاری گەل بەرامبەر دەسەڵات بخاتەڕوو، لەم گوتارەشدا شاعیر چەند ڕێگەیەکی گرتۆتە بەر بۆ دەربڕینی ئەم بەرهەڵستکاریە، وەك دەڵێت:

دەتوانی بیخەیە ئەستۆم گوریسی دار

ئەوە شانازیە بۆ من،

بەوە ناكۆژێ ئیمانم، ئەوە سەربەرزییە بۆ من.....ل١٥٢

شاعیر وشەكانی( دەرهێنانی ئێسكەكانم، كوشتنی ئازیزانم، كوریسی دار خستنە ئەستۆ، ناكۆژێ ئیمانم) لەگەڵ ئەوەی ئەم وشانە توندوتیژی پێوەدیارە، لەبەرامبەر ئەم توندوتیژیەش، دەربڕینەكانی ( شانازیە بۆ من، سەربەرزیە بۆمن)ی بەكارهێناوە، كە تیایدا بەئاشكرا شكۆی (من)ی شاعیر بەرامبەر توندوتیژیەكانی ژیان دەردەخات و جەختی لەسەر دەكات.

## ٢. وشەو دەلالەت لەسەر توندوتیژی:

لەبەرئەوەی ناونیشان وشەیەكەو وشەكەش وشەیەكی توندە، بۆیە شاعیر هەر لە ناونیشانەوە وشەی توندو تیژی ناساندوە، ئەمەش دەلالەتە بۆ زۆری ئەو تاوانانەی، كە زاڵم لە مەزڵومەكانی كردوە، بەمانایەكی تر دەسەڵات لەهاووڵاتیانی كردووە و مافی خواردون، ئەمەش مێژوویەكی زۆری تێپەڕاندوەو هەموو ڕیگەكانیشی تێدا تاقیكراونەتەوە، بۆیە دواجار ئەم زمانەو ئەم وشانەی بەكارهیناوە، وەك دەڵێت:

وەرە جەللاد!

وەرە ئەی دوژمن، ئەی بێداد!

لەبەرچی مەعتەلی، ئەی بۆچی نامكوژی؟.................ل١٥٢

كەواتە شاعیر گوتارەكەی راستەوخۆ ئاراستەی دەسەڵاتدارو دیكتاتۆرەكان كردووە، وشەكانیش بەرجەستەی توندوتیژی دەكەن و ئەوەمان پیدەڵێن لیرە شتیك بەناوی عەقڵی بەڕێوەبردنی ئازاد و كرانەوە بوونی نییە، بۆیە تەنها وشەكان مانكانیان لەخۆنەگرتوە، بەڵكو وێنەكانیش خواستن و ئایكۆن و ئەندیكسێكی باشیان، لە كۆی ئەو سیفاتە خراپانەی كە دەسەڵات هەڵیگرتوە لەخۆگرتوە، بۆیە شاعیر مەبەستیەتی بە ئاشكرا وێنەی ئەم جۆرە دیكتاتۆرانە بنەخشێنێت و بۆ مێژوو بیانناسێنێت، لەبەرامبەریشدا ئەوە نیشاندەدات، كە خاوەنی وزەو هێزێكی زۆری هەڵچوون و دڵسۆزی و خەبات و نەتەوەییە، لەگەڵ ئەمەشدا دەرفەتی بە خەمەكان نەداوە تا دەستەوئەژنۆ دابنیشێت، بۆیە بەم شێوازە توندە وەڵامیداوەتەوە، وەك دەڵێت:

بەزیندویی لە گۆڕا بۆچی نامنێژی؟

قەسەم بەم كۆت و زنجیرە،

بە هەرچی دیل و یەخسیرە،

بەئاواتم،

**بە ئیمانم،**

**بە ئامانجم،**

**بە پەیمانم،**

**بەخوێنی پاکی ئەو کوردەی لەرێی ئاواتی کوژراوە.................ل١٥٣**

**لەراستیدا شاعیر وێنەیەکی بینراوی خستۆتەڕوو، کە بریتییە لە خستنەرووی ژیانێك کە بەهەمان تایبەتمەندی ژیانی گۆڕ، واتە لە کۆتدان و نەبوونی ئازادی و ماف و....تاد، لەهەمانکاتیشدا ئەو بۆچوونانەی خستۆتەروو، هەموویان هاتونەتەدی، واتە بەشێکن لە بوون و مێژوو، تەنانەت ئایندەی ئێمەش، ئەم وێنانەش هێزی بینراون و شۆرش و ڕاپەڕین لای خەڵك بەرجەستەدەکەن، چونکە راستەوخۆ دواندنە لەگەڵ هەست و عەقڵی تاکی کوردا.**

**هاواری توندی شاعیر، هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی، پڕە لە تەحەداو هێزی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەو تورەیی، دەیەوێت ئەو پەیامە بە دەسەڵات بدات، کە بەم هەنگاوانەی هێزی گەل بەهێزتر دەبێت و گیانی بەرەنگاریش بەرفراوان، وەك دەڵێت:**

**وەرە جەللاد !**

**وەرە ئەی خوێنمژی بەدکار!.................ل١٥٢**

## ٣.هێزی هەستپێکردن :

**شاعیر خاوەن هەستێکی ورد و تیژو خوێندنەوەی پێشوەختەی روداوەکانە، بۆیە ئەم شیعرە توندوتیژەی بەرهەمهیناوە، لەلایەکی تریشەوە لەوساتانەدا گیانی خەباتی گۆڕەپانەکان لاوازبووە، چونکە هێزی دیکتاتۆری سەرکوتکەر بووە، بۆیە فشاری تورەیی شاعیر وایکردوە بەم شێوە توندوتیژە هەستەکانی خۆی دەربڕیوە، فروید پێیوایە"ئەقڵی ناوەکی ناوچەیەکی تاریکە لە دەرونی مرۆڤدا یاساکان دیسپلینی ناکەن، غەریزەکان تێیدا دەوروژێن، بەبێ ڕێگری و لەرێگەی زمان و خەون و نوکتەکانەوە ڕادەگەیەنرێت"[٢٢] کەواتە لەلایەك زاڵمی دیکتاتۆر، لەلایەکی ترەوە پاڵنەری دەرونی شاعیرو بەهەستی و قووڵبوونەوە بۆ ناو  کاریگەری ستەمەکان،ئەم روانینەی بەرهەمهێناوە، وەك دەڵێت:**

**بەئاواتم،**

**بە ئیمانم،**

**بە ئامانجم،**

**بە پەیمانم.................ل١٥٣**

**ئەم وشانەی وەك سوێند بەکارهێناون( بەئاواتم، بە ئیمانم، بەئامانجم) بە روانینە رووکەشەکە، وشەی زبرو وتوند نین، واتە وشەی بارگاوی نین بەتوندوتیژی، بەڵکو دەرئەنجامی توندوتیژی نەستی شاعیرو واقیعی حاڵ هاتونەتەبەرهەم.**

## ٤.دەنگ و توندوتیژی:

**بێگومان لە هەموو زمانێکدا به گۆڕینی دەنگ وەك بچوکترین دانەی واتاداری فۆنەتیکی نا، یان ئاوازو بەرزونزمکردنی، جۆری مانای گەیەنراو دەگۆڕێت، کاریگەری لەسەر پرۆسەی گەیاندنی پەیام و لایەنی ئامادەیی سایکۆلۆژی وەرگر بۆ وەرگرتنی پەیامەکە هەیە، گوزارشتی دەنگی، یان دەربڕین لەرێگەی دەنگ و ئاوازە، هۆکارێکی تری گەیاندنی هەست و خاڵیکردنەوەی بارگاوی بوونی سایکۆلۆژیە، زمان دەتوانێت زۆر لەم گرژییانە چارەسەربکات، ئەویش لەرێگەی گوزارشتی تایبەت و هەڵبژێرراوەوە، واتە هەمان ئەو پەیامەی کە دەتەوێت بێ سانسۆر بگەیەنیت، چونکە دەنگ ناوەندێکی زمانی گوزارشتییە، بۆیە توندوتیژی زمان لە ڕوخسارە دەنگی و بەرزو نزمەکانیدا، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژی دەبێت.**

**توندوتیژی هەست و هەڵچوونە و بریتییە لە تێکەڵەیەك لەنێوان ئەزموونی بیری و جەستەیی، لە ژیانی مرۆڤدا دوو پرەنسیب بەردەوام ململانێ دەکەن، پرەنسیبی چێژو ئازار، مرۆڤ بەردەوام هەوڵ بۆ شەڕ، یان چاکە دەدات، ئەمەش بەپێی ئەو پابەندبوونانەی، کە لە کۆمەڵگاکەیەوە وەریگرتووە، بۆیە خۆشویستنی توندوتیژی لەڕەگەوە لەگەڵماندا نەهاتووە، بەڵکو لە ڕێگەی خواست و حەزو وەرگرتن و....تاد دێتە ناو ژیانمانەوە. ئەگەر ئەمانەش بگۆڕیانایە، ئەوا توندوتیژی کۆمەڵایەتی سەریهەڵنەدەدا[٢٢]، کەواتە شاعیر دیسانەوە لەرێگەی چەند ریتم و تۆنێك، جەخت لەسەر توندی زمان و زاڵمیەتی دەکاتەوە، وەك دەڵێت:**

**قەسەم بەم خاکە خوێنینە،**

**قەسەم بەم ژینە شێواوە،**

**ئەگەر دەربێتی چاوانم،**

**ئەگەر بشکێنی ئێسکانم،**

**بەوەڵڵاهی،**

**بەخاکی پاکی کوردستان،**

**ئەمن کوردم، قەتیش ناڵێم پەشیمانم..................ل١٥٣**

لەم دەقەدا دەنگ و دەربڕین و هێزو ئاوازە، ئەو هێزەی بەدەقەکە بەخشیوە کە ڕاستەوخۆ ئاستی زوڵم و ستەم پیشاندەدات، لێرەوە ئەو توندییەی کە پەیامەکەی لەخۆگرتوە، دەبێتەوە بە بەشێك لە مانا شاراوەکانی دەق.

**ئەنجام :**

**لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە :**

**١.ژیانی نادادپەروەری و دۆخی خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتی.....تاد کاریگەری زۆری لەسەر ژیان و دەروونی شاعیرکردووە و بۆتە هۆی بەکارهێنانی ئەم زمانە توندە لەم دەقەدا، چونکە لەکۆی دیوانەکەی شاعیر، دیارترین شیعرە کە بەم زمانە نوسرابێت.**

**٢.توندی زمان لە شیعردا پەیوەستە بە تێرکردنی خواستەکان، لەپێناو دەستگرتن بەسەر ئەوی دیدا، کاریگەریشی ئەگەر لە کاریگەری فیزیکی زۆرتر نەبێت، کەمتر نییە.**

**٣.شاعیر بەپێی بەرپرسیاریەتی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی، هێزی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی خۆی ناساندوە و دەیەوێت بڵێت ئەم کارە تەواو نەکراوە، ئەرکی هەموانە بەپێی قۆناغەکانی ژیان تەواویبکەن .**

**٤.زۆربەی وێنەکانی توندو تیژی لای شاعیر، واقیعی هەست و جوڵەین، واتە ئەوانەن کە بەکردار و لەگۆڕەپانی سیاسیدا ئەنجامدراون و لەکاتی نەگۆڕانیشدا هەر بەردەوام دەبن .**

**٥.کاریگەری و جێکەوتەی توندی زمان، نابەسترێتەوە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی، یان سروشتێکی دیاریکراوەوە، جگە لەمەش جیاوازی ناکات لە نێوان بە هێزو لاوازدا، نێرو مێ، مادام ململانێکە لە نێوان مرۆڤ و سروشت و مرۆڤ و مرۆڤدایە، لەپێناو هێنانەدی خواستەکانیدا.**

**٦.گوزارشتی دەنگی باشترین هۆکارە بۆ گوزارشتکردن لە هەستەکانی توندوتیژی.**

**٧.لە ڕاستیدا گوزارشتی زمانی باشترین هۆکاری گوزارشتکردنی هەستی نەرمونیانی، یان توندوتیژیە.**

**٨.هەستی زمان هەمان کاریگەری هەستی وشەکانی لەڕووی دال و مەدلولیەوە هەیە، چونکە زمانێکی خوازەیی هێماییە و ئاماژە بەجۆریەتی کرادرو هەڵچونەکان دەکات .**

**پەراوێزەکان:**

١. د.لوقمان ڕەئوف، دیوانی عەلی حەسەنیانی( هاوار)، چاپخانەی دێکانی سلێمانی،٢٠١٤ ،ل١٠
٢. د.لوقمان ڕەئوف، دیوانی عەلی حەسەنیانی( هاوار)،ل١٩
٣. لوقمان ڕەئوف، ئەدەب و ڕەخنەی نوێ و سەرەتایەك بۆ ڕەخنەی ئەكادیمی، سلێمانی ،٢٠١٣، ل٤٠
٤. د.لوقمان ڕەئوف، دیوانی عەلی حەسەنیانی( هاوار)،ل١٩
٥. نامەی عەلی حەسەنیانی بۆ هێدی ،لە ١٩٩١/٦/١٣ نووسراوە.
٦. نامەی عەلی حەسەنیانی بۆ هێدی
٧. ا.د.مراد موهوب، لغه العنف و عنف اللغه، مقاربه لسانیه نفسیه، مجله كلیه الاداب و العلوم الانسانیه، جامعه بنی حلال، الملكه المغربیه،٢٠١٣
٨. ا.د.مراد موهوب، لغه العنف و عنف اللغه، مقاربه لسانیه نفسیه، ص٢
٩. –michaud.y.La violence ,parris.P.U.E.١٩٩٨.p٤
١٠. ابن منقور، لسان العرب،ج٩، دار صادر للگباعه و النشر، بیروت، ١٩٦٨،ص٢٠٧
١١. Michaud.p٤
١٢. جان جاك لوسركل، عنف اللغه، ت: محمد بدوی، المنقمه العربیه للترجمه، بیروت، گ١، ٢٠٠٥، ل٣٩٩
١٣. سید حبیب الله لزگی ، مهران(مهدی) حجوانی،خشونت و مدارا در ادبیات كودك،پژوهشنامه علوم انسانی، ژ(٤٥-٤٦)،٢٠٠٥،ل٥١-٧٢
١٤. ا.د.مراد موهوب، لغه العنف و عنف اللغه، مقاربه لسانیه نفسیه، مجله كلیه الاداب و العلوم الانسانیه، جامعه بنی حلال، الملكه المغربیه،٢٠١٣،ص٢
١٥. مراد وهبه،العنف و المقدس ،دار الپقافه، القاهیره،گ١،١٩٩٦،ص١٢٠
١٦. ا.د.مراد موهوب، لغه العنف و عنف اللغه،ص٤
١٧. هەمان سەرچاوە
١٨. ١ –Fonagy,I. La vive voix: essasi de psycho-phonetique,١٩٨٣,p.١٤
١٩. مراد وهبه، العنف و المقدس ، ص٥
٢٠. كلود یونان، التچلیل الكلامی والیات السیگره الرای، دار النهچه العربیه،٢٠١١، ص٥

٢١. أحمد بن محمد المقرى التلمسانى، نفح الكيب من غصن الٲندلس الركيب، تحقيق :د.احسان عباس، دار صادر، ١٩٦٨،ص٢٩٠

٢٢. جان جاك لوسركل، عنف اللغه، ت: محمد بدوى، المنقمه العربيه للترجمه، بيروت، گ١، ٢٠٠٥،ص١٢

٢٣. ابراهيم الدار، الاسس البيولوجيه لسلوك الانسان، الدار العربيه للعلوم، بيروت،١٩٩٤،ص٢٨٨

## سەرچاوەكان:


١. د.لوقمان رەئوف، ديوانى عەلى حەسەنيانى( هاوار)، چاپخانەى ديٚكانى سليٚمانى،٢٠١٤

٢. لوقمان رەئوف، ئەدەب و رەخنەى نوىٚ و سەرەتايەك بۆ رەخنەى ئەكاديمى، سليٚمانى ٢٠١٣،

٣. ا.د.مراد موهوب، لغه العنف و عنف اللغه، مقاربه لسانيه نفسيه، مجله كليه الاداب و العلوم الانسانيه، جامعه بنى حلال، الملكه المغربيه،٢٠١٣

٤. Fonagy lavive voix: essaside psgcho-phonetique,١٩٨٣,p.١٤

٥. michaud.yla violence ,١٩٩٨.p٤

٦. ابراهيم الدار، الاسس البيولوجيه لسلوك الانسان، الدار العربيه للعلوم، بيروت،١٩٩٤

٧. ابن منقور، لسان العرب،ج٩، دار صادر للكباعه و النشر، بيروت، ١٩٦٨

٨. أحمد بن محمد المقرى التلمسانى، نفح الكيب من غصن الٲندلس الركيب، تحقيق :د.احسان عباس، دار صادر، ١٩٦٨

٩. جان جاك لوسركل، عنف اللغه، ت: محمد بدوى، المنقمه العربيه للترجمه، بيروت، گ١، ٢٠٠٥

١٠. سيد حبيب الله لزكى ، مهران(مهدى) حجوانى، خشونت و مدارا در ادبيات كودك،پژوهشنامه علوم انسانى، ژ(٤٥-٤٦)،٢٠٠٥

١١. د. كلود يونان، التچليل الكلامى واليات السيكره الراى، دار النهچه العربيه،٢٠١١

١٢. مراد وهبه، العنف و المقدس، دار الپقافه، القاهيره،گ١،١٩٩٦

**Strong Language in Ali Hassanian's "Executioner"**

**Ali Hassanian (Hawar) is one of the modernist poets in Iran and he is the pioneer of new poetry in Eastern Kurdistan. "Executioner" is his first poem written in ١٩٥٩. Strong language means exaggeration and focus on the violent and bad actions, and in return using strong and violent words as a reaction and retaliation to these actions. Hence, the poet violates the textual rules. In other words, injustices are the causes of emerging this language and used by the poet as his reactions and his national stance. Although it is true that this is uttered by the poet, in effect, it is a stance and message of a nation against social, political, and cultural oppressions and injustices. Therefore, most of the images are realistic ones and have made psychological impacts on the poet and resulted in the emergence of this strong language in which several directions, forces, tones and expressions introduced with examples.**